ماڵئاوا ئەی سەبەتەی جلشۆر، لە کۆتاییدا تۆپە خورییەکە وەستا لە کن پێیەکانی نەنکەکە، لەوکاتەدا غاستۆن وەستا، دواتر بە ئاسوودەیی خەوت و پرخەپرخی دەکردو ناڵەی دەهات: میاو میاو، لە جاری داهاتوودا پێویستە وریا بیت ئەی غاستۆن.

## ٦- کۆرسی گۆرانی وتن- جوقة- پریما

کەرو کسۆک و پشیلەو کەڵەباب بڕیاریان دا بچن بۆ کۆرسی گۆرانی وتن (پریما)

بۆ پێکهێنانی گروپێکی گۆرانی وتن، لە ماوەی ڕێگاکەدا بۆنی شتێکی زۆر خۆشیان کرد ئەویش بۆنی برژاندنێکی بەلەزەت بوو، ئەم بۆنەش لە ماڵی دزەکانەوە دەهات.

یەکێکیان سواری پشتی ئەوەی تر بوو، وە گۆرانی نامۆیان دەگوتەوە، هەموویان بە دەنگێکی بەرز.

دواتر دزەکان ترسان و ڕایان کرد، لەکاتی شەودا یەکێک لە دزەکان گەڕایەوە بۆ ئاگاداربوون لەوەی کە ڕوویداوە، بەڵام  لەکاتی هاتنە ژوورەوەیدا پشیلەکە هێرەشی کردە سەری و بە چەپەڵۆکەکانی دەم و چاوی ڕووشاند، کسۆکەکەش پارێکی(گەز)  لە لاقەکانی دا، هەروەها کەڵەبابەکەش دەنوکی لێدا، بەڵام کەرەکە نوشکێکی بەهێزی لێدا (رفسە رفسة ) بە دەرگایەکەی دادا، دواتر دزەکە ترساو هەڵات، لەو ڕۆژەوە دزەکان نەگەڕانەوە ماڵەکەیان، ماڵەکە بوو شوێنی بەردەوامی کۆرسی گۆرانی گوتن.

## ٧- چیرچیرەکەو مێرووڵەکە- الزیز والنملة

لەکاتی هاتنی یەکەم هەوای سارددا لەدوای ڕۆیشتنی وەرزی هاوین، چیرچیرەکە بەدرێژایی وەرزی هاوین خەریکی گاڵتەکردن و گۆرانی وتن و خۆشچێژی بوو، ئەو هیچ خواردنێکی نەشاردبۆوە بۆ وەرزی زستان، بۆیە داوای خواردنی لە مێرووڵەکە کرد، مێرووڵەکە پێی گوت: بۆچی هیچ شتێکت کۆنەکردیتەوە لە وەرزی هاوین؟ ئایا هەموو کاتەکانت بەسەربردووە لە گاڵتەکردن و گۆرانی گوتن؟ فەرموو ئێستا سەما بکە، دواتر مێرووڵەکە زەردەخەنەیەکی کرد و دەرگاکەی لەسەر داخست.

## ٨- دوو کەرەکە- الحماران

دوو کەر هەبوون، یەکێکیان زێڕی دەگواستەوە، ئەوەی تریش شۆفان، کەری یەکەم کە زێڕی لەسەر پشت بوو شانازی بە بارەکەیەوە دەکرد، لە ڕێگادا سەری زۆر بەرزدەکردەوە، لەناکاو دزەکان هێرەشیان کردە سەر هەردووک کەرەکە، کەری یەکەم تووشی برینێکی سەخت بۆوە، دواى ئەوەی لێی درا ناچاربوو ڕابوەستێت، دواتر دزەکان هەموو زێڕەکەیان دزی، بەڵام هێرەشیان نەکردە سەر کەرەکەی دووەم واتا هەڵگری شۆفانەکە کە خۆی دەربازکردبوو و هەڵاتبوو.

لەوکاتەدا کەری یەکەم پەشیمان بۆوە، دوای ئەوەی هەستی بە گێلایەتی خۆی کرد: ( من خۆم هەڵدەداوە بە بارەکەم کە منی بە کۆتایی پێ هێنا).

**٩- ورچەکە- رارو- ( الدب- رارو):**

ئەمڕۆ، ورچەکە لەگەڵ باوکی دەڕوات بۆ ڕاوکردنی ماسییەکان.

دوای خواردنی نانێکی بەلەزەتی بەیانی هەردووکیان بەرەو ڕووبارەکە بەڕێکەوتن، لەوکاتەدا باوکی باسی چۆنیەتی ڕێگاکانی ماسیگرتنی بۆ رارو دەکرد کاتێک ماسییەکان مەلە دەکەن لەناو ئاوەکە، لەوکاتەی هەردووکیان ڕاوەستابوون ماسییەکی بچوک بازی دا بۆ دەرەوەی ئاوەکە، دواتر رارو بەخێرایی ماسییەکەی گرت، بەم کارە باوکەکەی زۆر دڵخۆش بوو وە زۆر شانازی پێوەکرد.

لەکاتی شەودا  رارو گەڕایەوە بۆ کولانەکەی دوای ئەوەی ڕۆژەکەی پڕبوو لەڕووداو.

بنو خەوێکی خۆش ئەی ورچی بچوک.

## ١٠- ئەستێرەی دەریاو کەشتییەکەی چەتەکان:

باوکی ئەستێرەی دەریاو کوڕەکەی پێکەوە ڕۆیشتن بۆ گەشتێکی بچوک بۆناو قوڵایی دەریایەکە، بەڵام لەڕێگادا لەناکاو چاوییان  بە قرشێک کەوت.

باوکەکە بە کوڕەکەی وت: مەترسە کوڕەکەم ئەوە ناوی ( بولدو) ە ، ڕاستە شێوەیەکی ترسناکی هەیە بەڵام زۆر ڕووخۆش و پێکەنیناوییە، کوڕەکەی ئەستێرەی دەریا ڕۆیشت و چاودێری ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکان و بەردەکانی دەکرد، لەناکاو لەناوەڕاستی دەریا شتێکی گەورەی دیت. ئەمە چیە؟ باوکی پێی وت: ئەمە کەشتی چەتەکانی دەریایە، دواتر چووە ناو کەشتییەکە بەبێ ڕاوەستان کەشتییەکەی پشکنی، باوکیشی تەماشای دەکردو چاودێری دەکرد، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بەمە، ئای لەم ڕۆژە خۆشە.

## ١١- جوچكەكە- جيجی(الصوص- جيجي)

ئەوە يەكەم جاربوو جيجی بەفر ببينێت. جيجی بەوپەڕی بەختەوەرييەوە دەنوكەكەی بەرزكردەوە بۆ تەماشاكردنی كڵۆبەفرەكان كاتێک لە ئاسمان دەهاتنە خوارەوە.

ئوح ئوح ئای لەم سارديیە، واباشترە خۆم بپارێزم، جيجی كڵاوەكە كردە سەری، وە ملپێچەكەشی لە ملی ئاڵاند، دواتر ڕۆيشت بە پێيەكەی ڕەسمی ڕۆژێكی دەم بەزەردەخەنەی دروستكرد لەسەر بەفرەكە، هەروەها ئەڵقەڕيزێكی بەڕێگای هێلكەی هەڵهێنراو دروستكرد. دواتر لەسەر بەفرەكە  خۆی خليسكاند بەخێراييەكی گەورەوە لەسەر گردەكەوە بۆ خوارەوە.

لەكاتی شەويشدا جيجی گەڕايەوە بۆ جێگەيە گەرمەكەی.

خەوێكی خۆش و خەونێكی خۆش جيجی.

## ١٢- مریشکەکە- ساسی- (الدجاجة- ساسي)

ساسی مریشکێکی زۆر بە جموجۆڵ بوو(حشورة جدا) دەستی وەردەدا لە هەموو شیتێک، دواتر پلانی ڕۆیشتنی دانا بەرەو شار، کاتێک گەیشتە شارەکە واقی وڕما لەو ژاوەژاوەی دەنگەکان و هاوارو هۆڕنەی سەیارەکان، دواتر برسی  بوو، بەڵام خواردنەکانی شارەکە بۆ ئەو گونجاو نەبوون،  وەکو بابۆڵە( لەفە) وە پەتاتەی وشکراو و خواردنەوە گازییەکان، شارەکە بۆئەو جێی سوڕمان نەبوو وە حەزی لە خواردنەکانی شارەکە نەبوو، چونکە گیای کەسکی لێنەبوو، تەنها چیمەنتۆی خۆڵەمێشی لێبوو، لەکاتی ڕۆیشتنیدا بارهەڵگرێکی دیت، بەخێرایی بازی دا بۆ ناو بارهەڵگرەکە، دواتر گەڕایەوە بۆ کێڵگەکەی، گۆرانی دەوت: ماڵەکەم ئەی ماڵەکەم.

## ١٣- کەروێشک و کیسەڵ- (الأرنب السلحفاة)

کەروێشک و کیسەڵ چاوییان بە یەک کەوت لە دەشتێکی فراواندا، کەروێشکەکە گاڵتەی بە ڕۆیشتنە لەسەرخۆییەکەی کیسەڵەکە دەکرد، بە کیسەڵەکەی وت: ئایا گرەوێک بکەین لەسەرئەوەی من دەیبمەوە لە یارییەکی نێوانماندا؟ کەروێشکەکە باوەڕو شانازی زۆری دەکرد بە خێراییەکەی، دواتر کیسەڵەکە گرەوەکەی قبوڵکرد.

خاڵی کۆتایی یارییەکە دیاریکرا، کەروێشکەکە هەندێ ئیمتیازی دا بە کیسەڵەکە.... کەروێشکەکە متمانەی زۆری بەخۆی هەبوو بەوەی کە بە دڵنیاییەوە سەردەکەوێت، کەروێشکەکە زۆر ئاسوودەبوو، دواتر لەماوەی یارییەکە لەژێر سێبەری دارێکدا نوست، لەوکاتەی کیسەڵەکە لەسەر هێڵێکی جێگیر دەڕۆیشت، زۆر نزیکبووەبووە لە هێڵی کۆتایی، کاتێک کەروێشکەکە هەستا لەخەو زۆر بەخێرایی هەوڵی دا پێی بگاتەوە، بەڵام بەداخەوە دواکەوت، لەوکاتەدا کیسەڵەکە هێڵی کۆتایی تێپەڕاندو یارییەکەی بردەوە.

سەرکەوتن لە ئەنجامی ماندووبوون و کۆڵنەدانەوە بەدی دێت.

## ١٤- شازادە- لیلی و مێرووولەکە (الأميرة ليلي والنمل)

شازادە لیلی لە مێرگێکی گەورەدا دەژیا، وە ئەرکی پاراستنی ئاژەڵەکانی لە ئەستۆدابوو، شەوێکیان دوای هاتنی بارانێکی بەلێزمە، لافاوێکی گەورە هەستا، بەهۆییەوە پێداویستییەکانی مێرووەکە نقومی ئاوەکە بوون.... ئای لەم کارەساتە!!!

بەڵام بەختێکی باشی هەبوو، لیلی توانی یارمەتی بدات، پەڕە سیحراوییەکەی جوڵاندوو بەهۆییەوە بایەکی گەرم هەڵیکردو هەموو شتێکی وشکردەوە.

بەڵام ئەمە تاکە شت نەبوو کە زیانی لە مێرووولەکەدا بوو، بارانەکە قوچەکێکی(کوزا) گەورەی خستبۆوە بەردەم دەرگای پێداویستییە خواردەمەنییەکانی مێرووولەکە.

هەرچەندە مێرووولەکە هەوڵی دەداج لاییبات بەڵام زۆر قورسبوو، دیسان تەنها شازادەکە دەتوانێت یارمەتی بدات، شازادەکە پەڕەکانی جوڵاندو قوچەکەکەی بزرکرد، دووبارە ئاشتی ئەمان گەڕایەوە بۆ مێرگەکە.

## ١٥- مەڕەكە- مومی-( النعجة-مومي):

مەڕەكەو (مومی) هاوڕێكانی گەشتێكیان ڕێكخست بۆناو سروشتی جوان، لەكاتی سەركەوتنیان بۆسەر شاخەكە فەڕشێكیان دیتەوە، لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە بۆ كێڵگەكە.

كۆمەڵێك گورگ لەوكاتەی ئەوان لە كێڵگەكە نەبوون هێرەشیان كردە سەر كێڵگەكەیان و هەموو خواردنەكانیان لێ تالان كردن.

مومی هیچ كاتی بەفیڕۆنەداو یەكسەر چووە بازاڕ فەڕشەكەی فرۆشت، بەپارەكەی خۆشترین خواردنی كڕی. بەم جۆرە مومی كێڵەكەو هەموو ئاژەڵەكانی ڕزگاركردن، ئەوانەی لەدەوروبەری بوون نیشانەی سوپاسگوزارییان پێشكەشكرد.

## ١٦- باشترین هاوڕێیەکان (أعز الأصدقاء)

(زوزو) هاوڕێیەکی زۆر نزیکی (سالی) بوو لە خوێندندا بەڵام بەداخەوە خێزانەکەیان ڕێڵکنەدەکەوتن، بۆیە ڕێگرییان لێدەکردن یەکتر ببینن لە دەرەوەیماڵەوە.

لەوکاتەدا هەردووک هاوڕێیەکە بڕیاریاندا پلانێک دابنێن بۆ کۆتایی پێهێنان بە کێشەکانی هەردووک خێزانەکە.

پلانەکەیان ئەوەبوو هەڵبێن و خۆیان حەشاربدەن لە ئەشکەوتێک، دواتر نامەیەکیان بەجێهێشت لەناویدا نوسرابوو: ( ناگەڕێینەوە تا ئێوە ئاشت دەبنەوەو فێری پێکەوە ژیان نەبن).

دوای ئاشکرابوونی نامەکە، هەردووک خێزانەکە یەکتریان تۆمەتباردەکردو یەکتریان سەرزەنشت دەکرد.

لەکاتی نزیکبوونەوەی هاتنی تاریکی، هەردووک خێزانەکە بڕیاریاندا یەکبگرن و پێکەوە کاربکەن بۆ دۆزینەوەی شوێنی هەردووک منداڵەکەیان: (زوزو) و (سالی) هەردووکیان چاودێری ڕووداوەکەیان دەکرد.

لەوکاتەی دڵنیابوونەوە پلانەکەیان سەرکەوتوو بووە، هەردووک خێزانەکە زۆر دڵخۆشبوون پێیان، لەو ڕۆژەوە هەردووک خێزانەکە ئاشتبوونەوە، هەردووک خێزانەکە لەوڕۆژەوە زیاتر تێکەڵی یەکتربوون، هەروەها دەستیانکرد بە ئاهەنگێرانی مۆسیقاو خوانی بەچێژ.

## ١٧- ئەسپەکە- ئەهمەز (الحصان أهمز)

ئەسپەکە بازی دەدا بەرەو ئاڕاستەی ماڵی سمۆرەکە(بندق) بۆئەوەی یارمەتی بدات لە وێنەکێشان.

سمۆرەکە دەستی کردبوو بە کاری وێنەکێشان، لەناکاو هەستی کرد چڵەدارێک لەبن پێیدا دەلەرێتەوە، دواتر هەندێک بۆیەی لەدەست ڕژا. سمۆرەکە هاواری کردو وتی: ( ئەی ئەهمەز تۆ لێرەی؟). دواتر ئاوڕی دایەوەو ماکەرێکی کێوی بینی، پێی وت: ((ببورە بەڕێز زیبرا (کەری کێوی) ئایا هاوڕێیەکەی (ئەهمەز) منت بینیووە؟)). دواتر (ئەهمەز) وتی هاوڕێیەکەت هەندێک بۆیەی بەسەردا ڕژاوە لەلایەن سمۆرەکەوە: ئەی بوندوق ئەوە منم ئەهمەز، بۆیەکەی تۆ منی گۆڕیوە بۆ کەرە کێوی، دواتر ئەسپەکە زەردەخەنەیەکی کردو سمۆرەکە بۆیەکەی سڕیوەو لای برد لەسەری.

## ١٨- بەچکە ئەسپ- زغرور (المهر- زغرور)

بەچکە ئەسپەکە دەیزانی دوای چەند ڕۆژێکی تر بەشداری دەکات لە یاری نێوان بەچکە ئەسپەکان، یارییەکەش بازدانە بەسەر بەربەستەکان.

(زغرور) ڕۆیشت و دەستی بەڕاهێنان کرد، بەڵام ئەنجامەکانی ڕاهێنانەکە جێگای ڕەزامەندی ئەو نەبوون.

(زغرور) خۆی نەدا بەدەستەوە، دووبارە گەڕایەوە بۆ ڕاهێنانەکان، بەڵام ئەمجارە بەربەستەکان نزمتربوون لە جارەکەی تر.

بەهۆی ئەو هێزە گەورەیەی کە هەیبوو، وە سووربوونی لەسەر سەرکەوتن، دوای هەوڵدان و کۆششێکی زۆر، توانی سەربکەوێت و جامەکە بەدەست بێنێت.

## ١٩- شێرەکەو مشکەکە (الأسد والفأر)

ڕۆژێک لە ڕۆژان، شێرێکی دڕەندە(مفترس) مشکێکی بەستەزمان دەگرێت، مشکەکە لێی دەپاڕێتەوە(توسل) لەژیاندا بیهێڵێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا بەدرێژایی ژیانی سوپاسی دەکات.شێرەکە پێکەنی بە قسەکانی مشکەکە، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا مشکەکەی ڕزگارکرد.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ، شێرەکە کەوتە ناو تەڵەیەکی دانراوەوە(وقع الاسد في شباك فخ منصوب)، شێرەکە هەرچەندە هەوڵی دا خۆی ڕزگاربکات بەڵام نەیتوانی، بەسودفە لەوکاتەدا  مشکەکە بەوێدا تێپەڕی و ویستی وەڵامێکی جوانی بداتەوە، مشکەکە بە ددانە تیژەکانی گازی گرت(- یعض - پاری لێدا) لە گوریسەکە، هەتا توانی لەم تەڵەیە ڕزگاری بکات.

لەدوای رزگارکردنی شێرەکە هەردووکیان بوون بە باشترین هاوڕێ.

**٢٠- سەگ و کەروێشک (الکلب والأرنب)**

سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی دایکی، کەروێشکە چالاکەکە دووردەکەوتەوە لە کولانەکەی(الوکر) دواتر لە ڕێگادا چاوی بە سەگێکی گەورە کەوت.

سەگەکە پێی وت: ( ئەی کەروێشک زۆر مەترسیدارە بە تەنیا هاتووچۆ بکەیت، وەرە با هاوڕێیەتیت بکەم).

کەروێشکە زۆر سادەبوو  پێشنیازی سەگەکەی قبوڵکرد، بەڵام ئاگاداری نیەتی سەگەکە نەبوو، دواتر سەگەکە ئەوی زیندانی کرد بۆئەوەی دواتر بیخوات.

لەوکاتەدا بە تەنیا مایەوە، کەروێشکەکە دەستی بە گریان کرد، لەوکاتەی بێ ئومێد بوو لەوەی ڕزگاری ببێت، ورچێکی گەورە دەرکەوت و ڕگاری کرد، کەروێشکەکە بەخێرایی ڕایکردو گەڕایەوە بۆ لای دایکی، وە بەڵێنی دا  چیتر بێ گوێی فەرمانەکانی دایکی نەکات.

## ٢١- پشیلەو ڕێوی- پینوکیو

(پینوکیو) منداڵێک بوو لە دار دروستکرابوو لەلایەن پیرەمێردێک بەناوی (جیبیتو)، بەڵام لەناکاو ئەم منداڵە دەستی بە قسەکردن کرد، پیرەمێردەکە زۆی پێ سەیربوو، دواتر پیرەمێردەکە ناوی لێنا (پینوکیو)، دواتر هەندێک پارەی پێدا بۆئەوەی پەرتوکی پێ بکڕێت بۆ قوتابخانە، بەڵام لە ڕێگادا پشیلەو ڕێوییەکی فێڵزان پێی گەیشتن، ئەم دوو هاوڕێیە خراپە قەناعەتیان پێهینا؛ وەرە بەم پارانە زێڕ بکڕین و دواتر لەژێر دارێکدا دەی شارینەوەو لەڕۆژی دواتردا زێڕەکە دووهێندە دەبێت، پینوکیو باوەڕی بەم قسە شیرین و درۆیانە کرد، بەڵام لەکاتی شەودا هەردووک هاوڕێیە خراپەکەی زێڕەکەیان لێ دزی، بەم جۆرە پینوکیو کەوتە تەڵەی پشیلەو ڕێوییەکە.

دواتر شازادە شین لەناکاو دەرکەوت و بە پینوکیوی گوت: ڕاستیم پێ بڵێ چیت بەسەرهاتووە ئەگەر درۆبکەی لوتت(دم-کەپوو) درێژدەبێت، سەرەتا پینیوکیو درۆی کرد بۆیە لوتی زۆر درێژبوو، بەڵام دواتر ناچاربوو ڕاستی بڵێت: ڕاستییەکەی بە شازادەی شین وت، شازادەکەش لێی خۆشبوو، دواتر بە دارە سیحراوییەکەی ئەوی گۆڕی بۆ منداڵێکی حەقیقی، بەمەش باوکی پینوکیو واتا پیرەمێردەکە بەم کارە زۆر دڵخۆش بوو، لەمەودوا پینوکیو خۆی بەدووردەگرت لە پشیلەو ڕێوییە فێڵزانەکە.

## ٢٢- گورگ و سەگ

جارێکیان گورگێک چاوی بە سەگێکی ماڵی کەوت، گورگەکە زۆر پەسنی جوانی سەگەکەی کرد.

لەوکاتەدا سەگەکە بە گورگەکەی وت: (( واز لە ژیانی ئاوارەیی(التشرد) وەرە ماڵی خاوەنەکەم، خواردنی باشت پێ دادات، وە سۆزو خۆشەویستیشت پێ دەدات)).

گورگەکە بەدوای کەوت، بەڵام تێبنی کرد سەگەکە هیچ حەبلێکی لە مل نیە، بۆیە پرسیاری لێکرد دەربارەی ئەمە. سەگەکە وەڵامی دایەوە: ( ئەمە بەهۆی بوونی ئەم ئەڵقەیەوە کە خاوەنەکەم خستیتییە ملم- بسبب الطوق).

گورگەکە وتی: واتا ئەوان تۆیان بەندکردووە(یقیدونک)؟ بەڕاستی هیچ شتێک بەنرختر نیە لە ئازادی.

دوای ئەم قسانە گورگەکە ڕای کردو هەڵات.

## ٢٣- بۆق و گا (الضفدح الثور)

ڕۆژێکیان دوو بۆق گایەکیان بینی، بۆقێکیان  بەوەی تریانی وت: (سەیری ئەم گایە بکە چەند زەبەلاحە، ئەمەوێت فو بکەمە خۆم بۆئەوەی وەکو ئەوم لێبێت).

دواتر ڕۆیشت و فوی کردە سینگی خۆی. دوای کەمێکی تر لە هاوڕێیەکەی تری پرسی: ( ئایا وەکو گایەکە گەورەبوویمە؟).

هاوڕێیەکەی وەڵامی دایەوە بە پێکەنینەوە: ( بێگومان نەخێر).

بەم وەڵامە بۆقەکە زیاتر سووربوو لەسەر کەللەڕەقییکەی، زیاتر فووکردە سینگی و تا تەقییەوە وەکو باڵۆن.

ئەمە کۆتایی ئەو بۆقە بوو کە دەیویست وەکو گایەکە گەورەبێت.

## ٢٤- دێڵە سەگ-کیرا- باپیرەکە (الکلبة- کیرا والجد)

باپیرەی (ئیندرا) کاتێک منالّ بوو، سەگێکی هەبوو بەناوی (کیرا.) باپیرەکە ویستی چیرۆکی ئەم سەگە بۆ نەوەکەی (ئیندرا) بگێڕێتەوە.

باپیرە وتی: کیرا زۆر عەجول بوو، ڕۆژێکیان بڕیاری دا لە ماڵەکەی دووربکەوێتەوەو ڕۆیشت بۆ شارەکە، ئەمەش لەپێناو سەرکێشیکردن.بەخێرایی هەستیکرد ڕووداوێکی مەترسیدار ڕوودەدات لە دەوروبەریدا، لەوکاتەدا سەیارەیەک خەریکبوو بەخێراییەکی زۆر پانی بکاتەوە. بۆیە هەوڵی دا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەڵام ڕێگاکەی ونکرد.

دواتر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن تا گەیشتە سەر گردێکی بەرز، لەوێوە سەیری ماڵەکەی دەکرد، دواتر گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی.

لەوکاتەوە سەگەکە بڕیاری دا لە ماڵەکەی دوورنەکەوێتەوە، وانەیەک فێربوو بەوەی کە سوپاسی خاوەنەکەی بکات لەسەر ئەو خۆشەویستییەی کە پێی دەدات.

## ٢٥- تاوس- لەقلەق (الطاووس وطائر اللقلاق)

هەبوو نەبوو تاوسێک هەبوو زۆر شانازی دەکرد(يتباهى) بە پەڕەکانی، وە گۆرانی بەسەر ڕەنگە برسیکەدارەکانی هەڵدەگوت(يتغني بألوانه الزاهية).

جارێکیان تاوسەکە چاوی بە لەقلەقێک کەوت، نە لەقلەقەکەی وت: (( ئەی هەژار تەماشای پەڕەکانی خۆت کردووە چەندە کاڵەو(شاحب) بریسکەی نیە، ئایا تەماشای پەڕەکانی منت کردووە چەند جوان و درەوشایەوە؟)).

لەقلەقەکە وەڵامی دایەوەو وتی: ((لەنەوایە تۆ لە شێوەدا جوان بیت، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر گێل و سووکی(سخيف)، پەڕەکەت زۆر لاوازە، ناتوانی بفڕی، ئەو ڕیشەی من کە گاڵتەت پێدەکرد زۆر بەهێزە، من لە ڕێگای ئەم ڕیشەوە دەتوانم بفڕم و واملێدەکات لە ئاسمانە فراوانە بەرزببمەوە)).

لەوکاتەدا تاوسەکە زۆر دڵگران بوو بەم قسانە، دواتر خۆی ون کرد لەپێش چاواندا (اكتأب الطاووس, ثم توارى عن الأنظار).

## ٢٦- کەروێشکەکە- تاکو (الأرنب - تاکو)

کەروێشکەکە(تاکو) زۆر حەزی لە سەفەرو گەڕان دەکرد(یحب السفر والتجول کثیرا)، هەرجارەو لە کێڵگەیەکەوە دەچووە کێڵگەیەکی تر بۆ گەڕان بەدوای کاردا.

ڕۆژێکیان کارێکی دۆزییەوە لەماڵی مریشکێکدا (وجد عملا في قن دجاج).

زۆر دڵخۆش(سر کثیرا) بوو بە کارە نوێییەکەی، چونکە مریشکەکە زۆر سەرنجڕاکێشبوو(کانت مهذبة ومرحبة). دوای کۆتایی هاتنی کارەکەی بەڕێگادا دەڕۆیشت، لەناکاو خۆی دیتەوە لەبەرامبەر گورگێکی شەڕانی. بەڵام بەختێکی باشی هەبوو مریشکەکە بەدوای کەوتبوو(لحسن حظه, کانت الدجاج قد تبعته)، مریشکەکە هێرەشی کردە سەر گورگەکەو دووری خستەوە لە تاکو.

لەوکاتەدا تاکو بڕیاری دا بگەڕێتەوە لای مریشکەکە، بۆئەوەی لەگەڵ ئەودا بژیت لە کێڵگەکەدا بۆ هەتاهەتایە، زۆر سوپاسی مریشکەکەی کرد بۆ ئەو کارە باشەی لەگەڵیدا کردی.

## ٢٧- کەروێشکەکە (تیکو)

تیکۆ جێژەرێکی جوانی هەڵکەند (اقتلع) بۆئەوەی پێشکەشی خۆشەویستەکەی بکات، بۆیە بەدوای شتێکدا دەگەڕا بۆئەوەی بیبەستێتەوە بە دیارییەکەوە بۆ ڕازاندنەوەی.

جوچکەکە(الصوص) پووشی(تبنا) پێشکەشکرد، بۆقەکە قەوزەی(طحالب) لە دەریایەکە پێشکەشکرد.

بەڵام هەموو ئەمانە سەرنجی (تیکۆ)ی ڕانەکێشا، تا ئەوکاتەی پشیلەکە قردێلەیەکی شینی پێشکەشکرد، بەم دیارییە زۆر سەرسام بوو، دواتر بەستییەوە بە جێژەرەکەوە، هەروەها بەخێرایی دیارییە جوانەکەی پێشکەشی خۆشەویستەکەی کرد.

## ٢٨- چێڵەکە ((مێلا))-(البقرة- میلا)

چێڵەکە(مێلا) زەنگەکەی برزکردبوو، بۆیە پرسیاری لە بەرخەکە(رورو) کرد دەربارەی جەرەسەکە، بەڵام ئەو هیچ شتێکی نەدەزانی.

دواتر پرسیاری لە قازەکە(ساسی)، بۆئەوەی هەواڵی پێبدات دەربارەی ئەوەی کێ جەرەسەکەی بینیووە، دواتر کوێژیلەکان جەرەسەکەیان لۆ دیتەوە لە ژێر دارەکەدا.

ئێستا (مێلا) خۆشی و ئازادی بۆ گەڕایەوە لە مێرگەکەدا، وە جەرەسەکەی خستە ملییەوە.

## ٢٩- مەڕەکە- سیسی ( النعجة- سيسي)

مەڕەکە زۆر هەستی بە نائومێدی دەکرد، چونکە هەستی دەکرد هیچ سوودی نییە.

لەکاتەدا پشیلەکە پێی ڕاگەیاند چی دەبێت ئەگەر سوود لە خورییەکەت وەربگیردرێت، وە قازەکە دەفرێکی شووشەی(وعاء زجاجيا) پێکهاتبوو لە شیر، پێیج ڕاگەیاند دەکرێت لە شیرەکەت پەنیر دروست بکەین.بەم قسانە (سیسی ) زۆر دڵخۆشبوو، بە ئاسوودەییەوە ڕۆیشت بۆ گەمەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی.

## ٣٠- چێڵەکە- لولی ( البقرة - لولي)

ئەمڕۆ کاتی لەدایکبوونی (لولی) ییە. کەڵەبابەکە(جینۆ) و کوێژیلەکان گۆرانیان بۆ دەوت: ( ساڵێکی خۆش ئەی جوان). بەرخەکە بازی دەدا بەرەو ئەو، ملپێچێکی جوانی هەڵگرتبوو (حاملا وشاحا جميلا)، ڕازاندبووییەوە بە گوڵی جۆراوجۆر، بۆئەوەی وەکو دیارییەک پێشکەشی بکات. لە کۆتاییدا دەزگیرانەکەی(هیکتۆر) گەیشت، لەگەڵ خۆیدا گوڵ و کڵاوێکی جوانی هێنابوو. کاتێک هاوڕێیەکانی دەریا یادی لەدایکبوونی ئەویان بیرهاتەوە، بۆقەکە ملوانەکەیەکی پێشکەشکرد، قازەکە تەنورەیەکی سووری پێشکەشکرد. ئێستا هەموان ئاهەنگ دەگێڕن، وە لەو کێکە خۆشە دەخۆن کە ئامادەکراوە بۆ یادی لەدایکبوونی.

## ٣١- پشیلەکە- یویو (الهرة- یویو)

(سوها) پشیلەیەکی جوانی هەبوو ناوی ( یویو) بوو، لەگەڵیدا زۆربەی کاتەکانی بەسەردەبرد. لەکاتی ڕۆژدا (سوها) گەمەی لەگەڵ دەکرد، لەکاتی شەویشدا تا نوستن، (یویو) لەژێر پێیەکانی دادەنیشت. (یویو) زۆر هەستی بە ئازادی و سەربەخۆیی دەکرد، لەماڵەوە بە تەنیا چووە دەرەوە بۆئەوەی جیهان کەشفبکات. لەهەر چوونە دەرەوەیەکدا (سوها) جەرەسێکی پێوەدەبەست، تا کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بزانێت.

لەو ڕۆژەدا (سوها) نەیتوانی بیدۆزێتەوە، بۆیە لەگەڵ دایکی هەستان بۆ گەڕان بەدوایدا لە گەڕەکەکەدا، هاواریان کرد: (یو،یو،یو،یو) بەڵام ئەنجامی نەبوو. لەکاتی هاتنی شەودا (سوها) گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەبێ ئومێدی و غەمباری، لەدوورەوە دەنگی جەرەسەکەی (یویو) دەهات. ئەها ئەوە (یویو)ە هاتەوە بۆ ماڵەوە.

## ٣٢- مشکی خورما- مریشکەکە (ابن عرس- والدجاج)

مشکی خورما بۆی دەرکەوت لە کێڵگەکەدا جیرانەکەیدا چەندەها مریشک مریشکی نەخۆش هەنە، بۆیە خۆی گۆڕی بۆ دکتۆر(تنکر کطبیب)، دواتر لە دەرگای ماڵی مریشکەکانی داو پێی وتن: ( حاڵتان چۆنە ئەی خانمەکان؟)، هەمووان وەڵامیان دایەوەو وتیان: ( ئێمە حاڵمان زۆرباشە ئەگەر وازمان لێبێنی، بەخێرایی بڕۆی لێرە).

## ٣٣- مریشکی خاوەن هێلکەی زێڕ (الدجاجة ذات البیض الذهبي)

جوتیارێک هەبوو کێڵگەیەکی پڕ لە مریشکی هەبوو، لەنێوان مریشکەکاندا مریشکێک هەبوو هێلکەی زێڕی دەکرد هەموو ڕۆژێک. جوتیارەکە بیری کردەوە، دەبێت گەنجینەیەکی پڕ لە هێلکە لەناوەوەی مریشکەکەدا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر دوودڵ بوو لە سەربڕینی مریشکەکە. تەماح چاوی دڵی جوتیارەکەی کوێرکردو مریشکەکەی سەربڕی، بەڵام تووشی موفاجەیەکی زۆر ناخۆش بوو، چونکە ناوەوەی مریشکەکە هەروەکو ناوەوەی مریشکەکانی تر بوو، زێڕی تێدانەبوو، بۆیە جوتیارەکە زێڕەکەو مریشکەکەی لەدەست چوو، هەروەها سەروەتە ڕۆژانەییە گچکەکەی لەدەستچوو. چاوچنۆکی و چڵێسی زیانی پێگەیاند. هەروەکو ئەو گوتنەی لێهات کە دەڵێت: گۆتنەکان و پەندەکان بەردەوام ڕاستن (الامثال تکون صحیحة دائما).

## ٣٤- شەمشەمەکوێرەو بانکبانکە (الوطوط والنمسان)

لە شەوێکی تاریکدا، شەمشەمەکوێرەکە کەوتە تەنیشت بانکبانکەیەک، بانکبانکەکە ئەوی گرت و پێی وت: ( من تەیرەکانم خۆشناوێت، بۆیە دەتخۆم).

شەمشەمەکوێرەکەش وتی: (( من لە خێزانی مشکەکانم، ئەی نابینی پەڕ و مووم هەیە- ألا ترى أنه لا ریش لي ولا زغب)). لەوکاتەدا بانکبانکەکە پۆزشی بۆ هێناوەو ڕزگاری کردو وازی لێهێنا. لە شەوی دواتردا، شەمشەمەکوێرەکە کەوتە تەنیشت بانکەبانکەیەکی تردا، بانکەبانکەکە ئەوی گرت و پێی وت: (( من مشکەکانم خۆشناوێت، بۆیە دەتخۆم)). دواتر شەمشەمەکوێرەکە دوورکەوتەوەو وتی: (( ڕاستە جەستەم لە جەستەی مشک دەچێت، بەڵام من باڵم هەیە)). بانکبانکەکە نەیتوانی ڕووبەڕووی بێتەوە، بۆیە ڕزگاری کرد، بەمشێوە شەمشەمەکوێرەکە جارێکی تر خۆی ڕزگارکرد.

## ٣٥- مەیمون و دۆلفین ( القرد والدلفین)

ڕەشەبایەکی بەهێز لەناوەڕاستی دەریایەکەدا هەڵیکرد، ئەو کەشتییەی نقومکرد کە مەیمونەکەی لەسەربوو، دواتر مەیمونەکە لەلایەن دۆلفینەکە ڕزگارکرا. دواتر دۆلفینەکە پرسیاری لە مەیمونەکە کرد دەربارەی شوێنی لەدایکبوونی، مەیمونەکە وەڵامی دایەوە: (( من لە خێزانێکی خانەدانم لە ئەسینا)). دۆلفینەکەش وتی: (( تۆ ئەلبریۆ دەناسی؟)). مەیمونەکە وتی: (( بەدڵنیاییەوە دەیناسم، ئەو لە بەندەرێکی شاری ئەسینایە، ئێمە هاوڕێیین)). لەوکاتەدا دۆلفینەکە توڕەبوو، مەیمونەکەی فڕێدایە ناو قوڵایی دەریایەکەوە، وازی لە مەیمونەکە هێنا، دواتر مەیمونە بە مەلەکردن خۆی گەیاندە کەناری دەریایەکەوە.

## ٣٦- شێف- سوسی (الطاهیة- سوسي)

پشیلەکە(سوسی) کاری سەوزەفرۆشی دەکرد لە بازاڕی وڵاتی پشیلەکان. هەموو بەیانییەک زوو هەڵدەستا لە خەو بۆئەوەی سەوزەی تازەو میوەکان کۆبکاتەوە لە بێستانەکە، دواتر بەرەو بازاڕ دەڕۆیشت، لەوێدا بەروبوومەکانی نمایشدەکرد بە جوانترین شێوەو ئەندازەیی. بەڵام (سوسی) بەردەوام خەوی بەوە دەبینی ببێتە شێفی دروستکردنی شیرنەمەنی، بۆیە هەموو ڕۆژێک کێکی بەلەزەت و بسکویتی خۆشی دروست دەکرد، دواتر پێشکەشی کڕیارەکانی دەکرد. دوای چەند ڕۆژێکی تر یادی لە دایکبوونی خانمە (عەفیفە) یە، بەڵام شێف (طاهي- سمیر) نەخۆشە، بۆیە ناتوانێت کێک ئامادەبکات. ئای لەم کارەساتە!!! بەڵام خانمە (عەفیفە) شیرنەمەنییەکانی (سوسی) بیرهاتەوە کە چێژتبووی لە بازاڕدا لەکاتی کڕینی سەوزەو میوە لە (سوسی)، بۆیە بە خێرایی داوای (سوسی) کرد بۆئەوەی کێکی یادی لە دایکبوونی بۆ دروست بکات. لەم کاتەدا (سوسی) زۆر دڵخۆشبوو، (سوسی) جوانترین لە جۆرەکانی سێوی هەڵبژارد، دواتر تێکەڵی کرد لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا، پشتی(دواتر) پێکهاتەی تێکەڵەکانی دانا لەناو

فڕندا. ها کێکی سیوە بە لەزەتەکە ئامادەیە. هەمووان لە کێکەیان خواردو دەستکەوتەکەی ئەویان پیرۆز کرد. (سوسی) زۆر دڵخۆشبوو چونکە خەونەکەی هاتەدی.

## ٣٧- پەڕەسێلکەو چۆلەکەکان (السنونوة والعصاير)

پەڕەسێلکە حەکیمەکە پۆلێلک چاوی بە پۆلێک لە چۆلەکەکان کەوت، ئامۆژگاری کردن داوا لە مرۆڤەکان بکەن بۆئەوەی پەنایان بدەن لە وەرزی زستاندا، لەجیاتی ئەوەی لەلایەن ڕاوچییەکانەوە بگیرێن و بخرێنە نێو قەفەزەوە. بەڵام چۆلەکەکان گوێیان بە ئامۆژگارییەکەی ئەو نەدا. لەوکاتەدا پەڕەسێلەکەکە چوو بۆ لای مرۆڤەکان و داوایلێکردن شوێنێکی ئەمین بۆ چۆلەکەکەن دابین بکەن لە وەرزی زستاندا. لەبەرامبەر ئەو زیرەکییەی کە هەیبوو لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی هەیبوو بۆ ئەوانی تر، مرۆڤەکان میوانداری چۆلەکەکانیان کردو لە سەربان و ناو بۆڕییەکانی ماڵەکەیان جێگایان بۆکردنەوە، لەکاتێکدا چۆلەکەکان بەردەوام هەڵدەهاتن بۆ خۆپاراستنیان لە ڕاوچییەکان.

## ٣٨- مێروولکەو کۆترەکە (النملة والحمامة)

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی بەهارێکی جواندا، مێروولەیەک لەسەر ڕۆخی جۆگەیەکی(حافة الجدول) ئاودا ڕاوەستابوو بۆئەوەی ئاو بخواتەوە، لەناکاو خلیسکاو کەوتە ناو ئاوەکەوە. لەوکاتەدا کۆترێک ئەوی ببینی بۆیە قەدی دارێکی بۆ درێژکردە ناو ئاوەکەوەو تا ڕایکێشاو هێنایە سەر وشکانییەوە، بەم شێوەیە ڕزگاری کرد. دوای چەند ڕۆژێکی تر، کوڕێک بەوێدا تێپەڕی، کوڕەکە تیرکەوانێکی پێبوو (معە قوس نشاب)، کاتێک کۆترەکە کوڕەکەی بینی تیرکەوانەکەی ئاڕاستەی ئەو ڕاگرتبوو. مێروولەکە ئەوی بینی، بۆیە قەپێکی گرت لە لاقەکانی کوڕەکە (فعضتە في رجلە) بە هەموو هێزی خۆی، کوڕەکەش دەستی بە گریان کرد بە دەنگێکی بەرز، دەنگی گریانەکەی گەیشتەوە بە گوێی کۆترەکە(مسامع الحمامة)، بەم جۆرە کۆترەکە هۆشیاربۆوەو هەڵات و خۆی دوورخستەوە لە مەترسییەکەوە.

## ٣٩- شێری پاشا (الأس الملک)

(سیمبا) شێرێکی بچوکی ناهۆشیاربوو. ڕۆژێکیان دوورکەوتەوە لە دایکی، بەسودفە چاوی کەوت بە کۆمەڵەیەک کەمتیار(ضباع). لە ترساندا بەخێرایی بەرەو گۆڕستانی فیلەکان ڕۆیشت و لەویَ خۆی لەناو ئێسکەکان شاردەوە، توانی خۆی ڕزگاربکات لەم ئاژەڵە دڕندانە. دواتر باوکی خۆی دۆزییەوە، بەڵام لە ڕێگادا بەسودفە ڕەوە ئاژەڵێکی گەڕۆکیان بینی (صادفا قطعانا من الحيوانات الهاربة)، ئاژەڵەکان زۆر بوون، باوکی پێی وت: ((بەسەر لقی دارەکاندا سەرکەوەو لەوێدا بمێنەوە))، دوای چەند ساتێکی کەم ڕەوە ئاژەڵەکان ڕۆیشتن، (سیمبا) لەسەر دارەکە هاتە خوارەوە بۆسەر زەوییەکە. ئای لەم کارەساتە!!!(يا للفاجعة) باوکی ئەو جەستەیەکی نەجوڵاوی لەژێر دارەکەدا دیت، لەوکاتەدا ئاژەڵەکان پەلاماری (دهسته) جەستە مردووەکەیان دا، باوکەکە توانی کوڕەکەی(سیمبا) ڕزگاربکات.

سیمبا دەستی بەگریانکرد (يجهش بالبكاء) کاتێک گوێی لە مامی بوو دەیوت: (( من پاشای نوێی دارستانەکەم، پێویستە تۆ ئەم مەملەکەتە بەجێبهێڵی، هەرگیز نەگەڕێیەوە)). (سیمبا) بە ترسەوە دارستانەکەی بەجێهێشت، دوای ئەوەی جەستەی گەشەی کردو گەورەبوو، وە هاوڕێی نوێی ناسی، شەوێکیان خەوی بە باوکییەوە بینی لەخەودا پێی وت: (( من ئەم مەملەکەتەم گەورەیەم بۆ تۆ بەجێهێشتووە، پێویستە تۆ بیگەڕێنیتەوە)). دوای هەستانی لەخەودا، سیمبا بڕیاری دا بەرەنگاری مامەکەی ببێتەوە، دوای جەنگێکی توند، توانی مەملەکەتی باوکی وەرگرێتەوە، ئێستا سیمبا سەرۆکی مەملەکەتی ساڤانایە.

### ٤٠- سەرکردەی گروپی مۆسیقا-بیبی (قائد الفرقة الموسیقیة)

(بیبی) مشکێکی جیاوازبوو، مۆسیقای زۆر خۆشدەویست، کاتەکانی خۆی لە کێڵگە سەوزاییەکان و گوێگرتن لە دەنگی گوڵەکان و پەلکی دارەکاندا بەسەردەبرد. ڕۆژێکیان بڕیاری دا ئاهەنگێک سازبکات بەبۆنەی هاتنی وەرزی هاوین؛ بەڵام پێویستی بە گروپێکی مۆسیقا هەبوو. قالۆنچکەکە(الخنفساء) ڕۆڵی ئیقاعی پێدرا، مێرووولەکەو مێشەکە دەوری گۆرانی وتنیان پێدرا بە کۆڕاڵ، لەکاتێکدا سیسرکەکە(الصرصار) بەڵێنی دا بە تەنیا گۆرانی بڵێت، ئەو بۆخۆی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بوو، لەکاتی ڕاهێنانەکاندا هەمووان پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی (بیبی)، بیبی بەمە زۆر دڵخۆش بوو. کاتێک کاتی ئاهەنگەکە هات، هەموو ئاژەڵەکان بە پەلە ئامادەبوون لە ئاهەنگەکەدا، کاتێک ڕۆژئاوابوو، (بیبی ) سەرکەوت بۆ سەر تەختی شانۆیەکە(المنصة- stage)، دەستی کرد بە لێدانی دارەکە لەسەر نۆتەکانی دەفتەرەکە: جوانترین کۆنسێرت دەستپێکرد. کۆنسێرتەکە زۆر سەرنجڕاکێشبوو، لەو ڕۆژەوە یەکەمین قوتابخانەی مۆسیقا لە کێڵگەکە دامەزرا بەسەرکردایەتی مشکی مۆسیقار(بیبی).

### ٤١- فیلەکە (سونی):

فیلەکە(سونی) گەشتێکی کرد لەگەڵ دایکی بۆ کێڵگەکە ساڤانای گەورە...لەوێدا چاوییان بە زەڕافەیەک کەوت کە ملێکی درێژی هەبوو، هەروەها لەوێ چاوییان بە ئەسپی دەریا (الفرس النهر-hippo) کە گەمەی دەکرد لەناو ئاودا، لەناکاو فیلەکە بەچکەکەی خۆی لەباوەشگرت؛ چونکە شێرێکی دڕندە دەرکەوت!!! فیلەکە بە قەپۆزە گەورەکەی دەنگێکی گەورەی دەرکرد(تلوح بخرطومها)، بەمشێوەیە شێرەکە ترساو دوور هەڵات. ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە، (سونی) هەرگیز ئەم ڕۆژە خۆشە لەبیرناکات کە پڕبوو لە ڕووداو، بە تایبەتی ئازایەتی دایکی.

## ٤٢- کیسەڵەکە- ساشا (السلحاة- ساشا)

ساشا کیسەڵێکی بچوکە، سەری لە بەرگە ڕەقەکەی دەرنە دەرنەهاتبوو (لم تظهر رأسها من القوقعة) تەنها بۆ کاتێکی کورت نەبێت. زۆرێک لە هاوڕێیانێکی دایکی لە کێڵگەکەدا بوون، بۆیە بەو بچوکییەی خۆییەوە ویستی خۆی بەوان بناسێنێت، ئەمەش بۆئەو شانازییەکی گەورەبوو. تولە گورگێک(جرو ذئب) خۆی نزیک کردەوە لە (ساشا) دەستی کرد بە بۆنکردنی ئەو، (ساشا) لێی ترسا، بە تایبەتی کاتێک چاوی کەوت بە ددانە تیژەکانی ئەو. دواتردایکی (ساشا) دڵنیای کردەوەو پێی وت: ( ئەم گورگە ناوی 'زازووە" گورگێکی بچوکەو دەیەوێت یاریت لەگەڵدا بکات). بەختێکی باشی هەبوو چونکە هاوڕێیەکی قەبارە بچوکی لێبوو، ئەویش بەرگێکی هەبوو هەروەکو قالۆنچکە، پێکەوە دەستیان کرد بە یاریکردن، هەروەها پێکەوە زۆر دڵخۆشبوون. ئێستا کاتی خەوتنە.... کێ دەزانێت سبەینێ چ شتێک خۆی شاردۆتەوە لەناو سەرکێشییە سەرنجڕاکێشەکان(من یدري ماذا یخبئ الغد من مغامرات شیقة).

## ٤٣- مشکی شارەکەو مشکی وڵاتەکە (**فأر المدینة** وفأرالریف)

جارێکیان مشکی شارەکە بانگێشتی هاوڕێیکەی کرد بۆ نانی ئێوارە کە لە وڵاتێکی ترەوە هاتبوو. مشکەکە بە میوانەکەی وت: ( بڕۆ بچینە چێشتخانە بۆ ئەو خواردنەی کە ئامادەم کردووە، لەناکاو دوو چاوی سەوزی گەورە دەرکەوتن، ئەمە پشیلەبوو... هەردووک مشکەکە ترسان و هەڵاتن لەڕێگای درزی دیوارەکەوە، دوای نەمانی ترسەکە، میوانی مشکەکە گەڕایەوەو بە مشکەکەی تری وت: وەرە بڕۆین لێرەو بچینە وڵاتەکەی من، تۆ منت دەعوەت کرد بۆ خوانێکی ئێوارەیی ترسناک، بەڵام من دەعوەتت دەکەم بۆ خوانی ئێوارە بە خۆشترین خواردن و لەگەڵ دابینکردنی ئاسایش، بەبێ بوونی هیچ ترسێک.

## ٤٤- بانكبانكه تێرەكه (النمس الشعبان)

بانكبانكەكە برسییەكە لە چێشتخانەكە نزیكبۆوە، درزێكی بەرزی لە دیوارەكەدا بینی، بەهۆی باریكی جەستەییەوە توانی بچێتە چێشتخانەكەوە لەڕێگای درزەكەوە، دەستی كرد بە خواردن، ئەوەندەی خوارد تا وایلێهات نەیدەتوانی یەک پاروش بخوات(ویأكل حتى لم يعد قادرا على تناول ولو لقمة واحدة). دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک، كەس نەیدەتوانی بانكبانكەكە بناسێتەوە بەهۆی زیادبوونی قەبارەكەی. بانكبانكەكە كاتێک بڕیاری دا لە چێشتخانەكە بچێتە دەرەوە، لەو درزە نزیكبۆوە كە تێیدا هاتبۆوە ژوورەوە، بەڵام زۆر قەڵەو بوو بوو. لەوكاتەدا مشكێک ئەوی بینی، پێی وت: ( كاتێک هاتیە ئێرە سكت بەتاڵ بوو بەڵام ئێستا دەتەوێت ڕابكەی لێرە، پێویستە لەسەرت بەڕۆژوو بیت بۆئەوەی لاوازبیتەوەو وەكو خۆت لێبێتەوە). بانكباكەكەش بە قسەی ئامۆژگارییەكەی ئەوی كرد، بە ئارامگرتن لاوازبۆوەو توانی دەربازی ببێت.

## ٤٥- ورچەكە-بوبو-كەوتە ناو خەوەوە- (الدب- بوبو- يخلد الى النوم)

لەوكاتەی لەوەرزی پاییزدا ڕەشەبایەک هەڵیكرد، هەرسەكان(الدببة) دەستیانكرد بە ئامادەكاری بۆمانەوەیەكی درێژخایەن لە ئەشكەوتەكەیاندا (تبدأ الدببة بالتحضير للأقامة الطويلة في أوكارها)، ئەم كارەش چەندەها مانگی دەخایاند.ئەم كارەش بۆ (بوبو) یەكەم جاریبوو، هەموو سەرسێک ڕۆڵێكی هەبوو. بچوكەكان بەسەر دارەكاندا سەردەوكەوتن بۆ كۆكردنەوەی خۆخ و گێلاس و سێو (لجمع الدراق والكرز والتفاح)، یارمەتی دایكیان دەدا بۆ ئامادەكردنی خۆشترین موڕەبا. ورچی باوک هەنگوینی كۆدەكردەوە، بۆیە پێویست لەسەری بوو ئاگاداربێت هەنگەكان پێوەینەدەن (وعليه الحذر من لسع النحل)، ورچە بەهێزەكان دەچوونە شاخ بۆ ڕاكێشانی بەردی گەورە بۆئەوە ئەشكەوتەكەیان پێ بگرن. ورچە پیرەكانیش چیرۆكیان دەنووسییەوە بۆئەوەی ببێتە میرات و بگوازرێتەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو. لە شەودا نەنكی (بوبو) دەستی كرد بە خوێندنەوەی چیرۆک بۆی، نەنكی توند ئەوی لەباوەشگرتبوو لەسەر جێگاكەی، بەڵام باوكی پاڵی بە بەردە

گەورەکەدا دەنا، دواتر دەرگای ئەشکەوتەکەی داخست، هەموان چوونە ناو خەوێکی قوڵەوە. خەوێکی شیرین ئەی هەرسەکان، لەوکاتەدا چاوەڕێی هاتنی بەهارییان دەکرد.

**٤٦- ڕێوییەکەو ترێ (الثعلب والعنب)**

ڕێوییەکی برسی هەندێک هێشووە ترێی جوانی بینی کە خۆیان هەڵواسیبوو بە فراوانی (رأى الثعلب جائع عناقيد جميلة شهية تتدلى من دالية). لە ژێر دار مێوەکە ڕاوەستابوو لەسەر هەردوک پێیەکانی پشتەوەی، بازی دەدا بە هیوای ئەوەی بگاتە دووشە ترێیەکان، بەڵام هەرکاتێک بازی دەدا نەیدەتوانی یەک دنکە ترێش تام بکات:

((ترێیەکە هێشتا پێنەگەیشتبوو"لم تنضج بعد" ))، دواتر بە دەنگێکی سوکایەتییەوە بەخۆی وت... ئەوەی نەتوانێت بگاتە ئامانجەکەی، شایەنی سوکایەتی پێکردنە، بەبێ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی شکستەکەی، وە بێ تواناییەکەی.

**٤٧- توتە سەگ- بسکوت- (الجرو- بسكوت)**

توتە (بسکوت) بە تەنیا بوو، چونکە خاوەنەکەی (لیندا) لە ماڵەکەدا بەدرێژایی ڕۆژەکە نەدەمایەوە، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ وەڕسبوونی (بسکوت). بۆیە فکرەیەکی بۆهات و بەخۆی وت: ( بۆچی بە تەنیا نەچمە دەرەوە؟). بسکوت بەسەر دیواری باخچەکە سەرکەوت(فقد زحف تحت سور الحديقة)، دواتر بەرەو باخچەی گشتی کەوتە ڕێ، لەوێ چاوی بە کۆمەڵێک سەگ کەوت، هەموان یارییان دەکردو کاتەکانیان بەسەردەبرد تا ئێوارە، دواتر بسکوت گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەناکاو دەنگی خاوەنەکەی هات و بانگی کرد،

ئەویش بە ڕاکردنەوە چوو بۆ لای و چووە ناو باوەشییەوە. بەڵام چوونە دەرەوەی لەگەڵ خاوەنەکەی (لیندا) جوانترو خۆشتربوو.

### ٤٨- بزنە کێوی و شێر (الوعل والأسد)

بزنە کێوییەکە تەماشای وێنەدانەوەی خۆی دەکرد لە ئاوی ڕووبارەکەدا (کان الوعل ینظر في میاه النهر الی صورته المنعکسة من المیاه)، کاتێک قاچە باریکەکانی خۆی دیت، بێزارو نیگەران بوو لەخۆی، بەڵام کاتێک تەماشای قۆچەکانی(قرون) خۆی کرد زۆر دڵخۆش بوو و شانازی پێوەدەکرد. لەناکاو شێرێک لێی نزیک بۆوە، بازی دا بەرەو ئەو، بەڵام بزنە کێوییەکە توانی ڕابکات بەخێرایەکی زۆر. بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، دواتر قۆچەکانی گەورەکانی ئاڵقان لە لقی دارێک(علقت قرونه الکبیرة بأغصان شجرة)،دواتر شێرەکە لێی نزیک بۆوە بۆئەوەی بیخوات. بزنەکە بەخۆی وت: (( ئەو لاقانەی پێم وابوو نیگەرانم دەکەن بوونە هۆی پێدانی هەلێک بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیەدا، بەڵام ئەو قۆچانەی کە پێوەی دەنازیم بوونە هۆی مردنم و لەناوچوونم)).

### ٤٩- سەگەکەو خاوەنی کێڵگەکە (الکلب وصاحب المزرعة)

خاوەنی کێڵگەکە سەگەکە بچوکەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست و نازی دەکێشا(یدلله)، ئەو شتەی وایکردبوو ئیرەیی کەرەکە بوروژێنێت(الأمر الذي أثار غیرة الحمار)، ئەوەبوو ڕۆژێک کەرەکە لاسایی ڕەفتارەکانی سەگەکەی دەکردەوە، چونکە پێی وابوو ئەگەر وابکات خاوەنی کێڵگەکە هەمان ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ دەکات کە لەگەڵ سەگەکەی دەیکرد(ظنا منه سوف یعامله کما یعامل الکلب). کاتێک پیاوەکە گەیشت، کەرەکە بەرەو ئەو هات بە تاسەوە(بلهفة)، دواتر سمەکانی بەرزکردەوە(رفع حافره) بۆئەوەی پیاوەکە

نالّی بکات، بەداخەوە(لسوء الحظ) کەرەکە هاوسەنگی تیکچوو، کەوتە سەر لاقەکانی پیاوی کێڵگەکە، ئەمەش وایکرد پیاوەکە لەتاو ئازار هاواربکات، دوای نەمانی ئازارەکەی، پیاوەکە بە دارێکی ئەستوور(بعصاة الغليظة) لە کەرەکەی دا بە توندی، کەرە بەستەزمانەکە(الحمارالمنحوس) وتی: ئەمە دادپەروەری نیە.

## ٥٠- بووکە شووشە- جانو- (الدمية- جانو)

(جانو) بوکە شووشەیەکی بچوک بوو سەمای دەکرد لەسەر ئاوازی " کاریۆن" کە تایبەت بوو بەو. دوای ماوەیەک ماڵەکەی چۆڵبوو(اصبح منزلها مهجورا)، بۆیە لەمەودوا سەمای نەدەکرد، کارەکە کۆتایی هات، خرایە نێو سندوقێک لەگەڵ یارییەکانی تر تێکەڵ کرا. دوای کاتانێکی درێژ، هەستی بە چەند هەنگاوێک دەکرد کە لە سندوقەکە نزیک دەبۆوە، ئەو کەسە منداڵێکی بچوک بوو دەیویست سندوقەکە بکاتەوە، منداڵەکە سندوقەکەی کردەوە، دواتر ڕۆیشت گەمەی  بە هەموو گەمەکانی تر کرد. لە کۆتاییەکەیدا بوکە شووشەکەو گەمەکانی تر ئازادکران، هەروەها (جانو)ش گەڕایەوەو دەستی بە سەماکردن کردەوە هەموو شەوێک لەسەر "کاریۆن" بۆ بەردەوامی دان بە خەونە منداڵییەکەی.

## ٥١- گۆرانی پشیلەکەو مشکەکە (أغنية القط والفأر)

| | |
|---|---|
| پشیلەیەکی ڕەش هەبوو | كان القط الأسود الكبير |
| هەموو شەوێ لە مشکێکی بچوک دەگەڕا | يبحث كل مساء عن فأر صغير |
| مشکەکەش بەبێ بیرکردنەوە | غير أن الفأر دون تفكير |
| لە پشیلەکە ڕای دەکرد | كان يهرب من الهر الشرير |
| بە غاردان دەچووە کولانەکەی | راكضا داخل وكره |
| خۆی دەشاردەوە لەژێر جێگای نوستنی | مختبأ تحت السرير |
| لەوێ دەمایەوە بە ئارامی بەپێی توانا | أبقى آمنا قدر المستطاع |
| وە پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خێزان بێت | أوامر الأهل يجب أن تطاع |

## ٥٢- بريسلا- مێشی شەوی ڕووناک (بريسلا-ذبابة الليل المضيئة)

(برسيلا) مشكێكی زۆر دڵتەنگ بوو، چونكە بريسكەكەی كزو لاواز بووبوو (ضوءها خافت وضعيف). هەروەها هەموان گاڵتەيان پێدەكرد، بۆيە بڕياری دا بڕوات، وە بەدوای جيهانێكدا دەگەڕا بۆ دۆزينەوەی چارەسەری كێشەكەی، لەماوەی گەشتەكەيدا كەوتە ناو تۆڕی جاڵجاڵۆكەيەكەوە، هەركە جاڵجاڵۆكەكە دەستی كرد بە خواردنی ئەو، لە بەختی باشی ئەو بايەک هەڵی كردو تۆڕەكەی دڕاندا. دواتر ڕزگار بوو و دوور فڕی، پاشان بەر ئامێرێكی نامۆ كەوت، لەوكاتەدا سيسركە داهێنەرەكە دەركەوت و وتی: (( من چاوەڕێی تۆم دەكرد بۆ تاقيكردنەوە نوێيەكەم، ناوەكەشی بريتيە لە ڕووناكی درەوشاوە "ضوء اليراعة")). دواتر هەستا بە ئەنجامدانی چەند جوڵەيەک تا توانی بريسكەيی بۆ (بريسلا) بگێڕێتەوە... پاشان بريسلا گەڕايەوە بۆ ماڵەكەی، لەمەودوا كەس گاڵتەی پێندەكرد.

## ٥٣- گورگەكەو پێنج بزنەكە (الذئب واالعنزات السبع)

بزنە دايكەكە بەرەو بازاڕ ڕۆيشت، منداڵاكانی بە تەنيا بەجێهێشت لەماڵەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند ساتێک لە دەرگا درا، دەنگێک وتی: ( دەرگاكە بكەنەوە من دايكتانم). منداڵی يەكەم  هەستی كرد ئەمە گورگە،پێيە ڕەشەكانی بينی، بۆيە بە خوشكەكەی وت دەرگاكە نەكەيتەوە. دواتر گورگەكە فێڵێكی تری دۆزييەوە، پێيە ڕەشەكانی شاردەوە بە هەوير، بەم جۆرە بزنەكانی هەڵخەڵەتاندو دەرگايان لەسەر كردەوە، گورگەكەش هەموويانی خوارد جگە لە يەكێكيان نەبێت، كاتێک دايكەكەيان گەڕايەوە بۆ ماڵەوە منداڵەكانی لە ماڵ نين، پاشان ئەو منداڵەی ڕزگاری بوو بوو بانگی دايكی كردو ڕووداوەكەی پێڕاگەياند. دواتر گورگەكەيان دۆزييەوە، لەوكاتەدا گورگەكە نوستبوو لە بن دارێک لە تەنيشت ڕووبارێک، بزنەكە سكی گورگەكەی هەڵدری و منداڵەكانی يەک يەک دەرهێنان وج لە شوێنی ئەوان حەفت بەردی خستە ناو سكی گورگەكەو دواتر

سکەکەی دوورییەوە. کاتێک گورگەکە هەستا لەخەو بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشت بۆئەوەی ئاو بخواتەوە یەکسەر کەوتە ناو ئاوەکەوەو نقوم بوو.ج ئیتر لەم ڕۆژەوە دایکەکە منداڵەکانی بە تەنیا بەجێنەهێشت.

## ٥٤- گورگ و ڕێوی (الذئب والثعلب)

گورگە شەڕانییەکە ڕێوییەکەی ناچار دەکرد گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکات بە تەواوی، بۆیە ڕێوییەکە پلانێکی دانا بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەسەڵاتی گورگەکە، دواتر پێی وت: (( بانگێشت دەکەم بۆ خوانێکی ئێوارەی بەچێژ- دعني أدعوك الى غداء لذيذ)).

لە ڕێگای بۆشاییەکەیی بچوکەوە(هوة صغيرة) چوونە ژوورەوە بۆ چێشتخانەی کێڵگەکە، گورگەکە کەوتە سەر خواردنەکەو هەموو خواردنەکەی خوارد بە چڵێسی(انقض الذئب على الطعام وراح يأكل بشراسة). دواتر گورگەکە وتی: (( لێرە چی دەکەی ئەی چاو زەق- جاحظ العينين-)) ڕێوییەکە وەڵامی دایەوە: (( من چاودێری ناوچەکە دەکەم)). لەناکاو جوتیارەکە هاتە ژوورەوە، ڕێوییەکە لە ڕێگای کونەکەوە هەڵات، لە کاتێکدا گورگەکە نەیتوانی ڕابکات بەهۆی ئەوەی زۆری خواردبوو کێشی زۆربوو بوو، پاشان جوتیارەکە بە دارەکەی تێر لە گورگەکەی دا، لەکاتێکدا ڕێوییەکە خۆی ڕزگارکردو بە ئازادی دەسوڕایەوە لە ناوچەکە.

## ٥٥- گوێرەکە- خەمیس ( العجل- خميس)

گوێرەکەکە نەیدەتوانی خەوی لێبکەوێت، بۆیە دایکەکەی- چێڵەکە- بۆی نیگەران بوو، کێ دەنگی خۆشە؟، گۆرانییەکی جوان و خۆش بۆ منداڵەکەم بڵێت بۆئەوەی خەوی لێبکەوێت. بولبولەکان کۆبوونەوە، پێکەوە دەستیان کرد بە گۆرانی وتن و جریوەجریوکردن. بەم جۆرەج گوێرەکەکە بە خێرایی خەوی لێکەوت. خەوێکی خۆش ئەی (خەمیس) ی بچوک.

لم يستطيع العجل(خميس) النوم تلك الليلة. مما أقلق والدته البقرة.آه لو أنها كانت تملك صوتا عذبا, لكانت غنت له أنشودة جميلة... من بأمكانه المساعدة يا ترى؟ البلابل! فاجتمعوا وأخذوا يغنون ويزقزقون... غفت عينا العجل سريعا.. نوما هنيئا يا (خميس) الصغير.

## ٥٦- بزنە بچوکەکەو باوکی- (الوعل الصغير ووالده)

هە بوو نەبوو، لە کۆندا، بزنە کێویەکی بچوک هەبوو شانازی بە باوکی خۆی دەکرد، دەیویست وەکو ئەو گەورەو زەبەلاح و ئازا بێت. لە بەیانییەکەدا، هەردووکیان گوێیان لە نەڕەی شێرێکی دڕندە بوو لە دارستانەکە (ما سمع الأثنان زئير أسد مفترس في الغابة).

باوکی بزنەکە بچوکەکە لەترسان لەرزی و بە بەچکەکەی وت ڕاکە کوڕەکەم، بزنە بچوکەکە باوەڕی بە چاوەکانی نەکرد، کاتێک بۆیەکەم جار باوکی خۆی بە ترسەوە بینی، بۆیە گریا لە تاو حەسرەت و بێ ئومێدی. لەکاتی نەمانی مەترسییەکە، بزنە گەورەکە بە منداڵەکەی وت: هەندێ جار پێویستە خۆبەگەورەزانینمان لە لایەک دابنێین، کەمێک خۆمان بە بچوک دابنێین(أن نرضخ قليلا) لە پێناو پاراستنی سەلامەتی خۆشەویستەکانمان، ئەمە حیکمەتە ئەی کوڕەکەم.

## ٥٧- شێرو کەرەکە (الأسد)

کەرێک هەبوو شازی دەکرد بە ئازایەتی و هێزەکەی لە بەرامبەر ئاژەڵەکانی تر. جارێکیان شێر داوای لە کەرەکە کرد بۆئەوەی یارمەتی بدات لە لە گەشتێکی ڕاوکردندا، بێگومان ئەمەش شەڕەفێکی گەورە بوو بۆ کەرەکە. بەدوای کەرەکە کەوت و چوونە ناو ئەشکەوتێک تیایدا هەندێک بزنە کێوی خۆیان شاردبۆوە، دواتر کەرەکە زۆڕاندی (نهق الحمار)، بەمەش بز نەکان ترسان و ڕایانکرد بەرەو ئاڕاستەی شێرەکە. کەرەکە وتی: (( بینیت چەند زیرەک و ئازام؟ من ڕاوکەرێکی زیرەکم"اني صياد ماهر"، تۆ زۆر دڵخۆشی من هاوبەشتم، ئایا وانیە؟))، دواتر شێرەکە وەڵامی دایەوە: ((بێگومان، منت زۆر لە تۆ ترساند، مەگەر نەم دەزانی تۆ کەرێکی جوان و باشی- لقد كنت خائفا منك كثيرا, لو أكن أعرف أنك حمار لطيف)).

کەرەکە نەیدەزانی هاوڕێیەتی کردن لەگەڵ شێر چ سوودێک هەیە، دواتر شێرەکە کەرەکەی خواردو تێربوو (لم يتنبه الحمار أنه لم يحصل على أي فائدة من تحالفه مع الأسد الذي أكل وشبع). لەبەرئەوە ئەو کەسانەی شانازی بە خۆیانەوە دەکەن و خۆیان ب گەورە دەزانن ئەوانە زیاتر دەکەونەوە هەڵەوە ( لأن الناس الذين يتباهون ويتفاالخرون, هم الأكثر عرضة للخداع)

## ٥٨- ڕێوییەکەو شێرەکە(الثعلب والسبع)

هەبوو نەبوو شێرێک هەبوو زۆر شانازی دەکرد بە جوانی و هێزەکەی، ئای من چەندە جوانم! (كم أنا جميل)، منک چەندە شۆخم!(كم أنا رشيق)، پێستەکەم چەندە درەوشایەوە! (كم أن جلدي لماع). کاتێک شێرەکە وێنەکەی خۆی لە ئاوەکەدا بینی، ڕێوییەکە چاودێری دەکرد لە نزیکەوە، پاشان پێی وت: (( تۆ ڕاستی ئەی شێر- أنت محق أيها السبع))، بەڕاستی تۆ جوانی، بەڵام لە بەختی خراپی تۆ، تۆ تەنها ڕووکەشت جوانە، بەڵام من عەقڵ و زیرەکیم جوانە(أما أنا فأني جميل العقل والذكاء).

دواتر شێرەکە بە سەرشۆڕی ڕۆیشت و نەیتوانی وەڵامی بداتەوە.

## ٥٩- نادو- پاندا (نادو- الباندا الحشري)

(نادو) پاندایەکی بچوک بوو، لەوکاتەی لەناو باوەشی باوکی ڕاکشابوو پرسیاری لە باوکی کرد دەربارەی هۆکاری سووربوونی ڕۆژ لەکاتی ئاوابووندا (عندما كان مستلقيا في حضنه, عن سببؤ احمرار الشمس عند الغروب)، لەوکاتەدا هەردووکیان چاودێری سووربوونی خۆریان دەکرد لەکاتی ئاسۆیی بوونیدا. بەڵام باوکی نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، بۆیە ئامۆژگار کرد بچێتە لای ڕۆژ و ئەم پرسیارەی لێبکات، لەکاتی خۆرئاوابوندا هەردووکیان بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژ ڕۆیشتن، لەکاتی گەیشتنیان (نادو) پرسیارەکەی ئاڕاستەی ڕۆژ کرد، ڕۆژیش وەڵامی دایەوە: (( پێویستە بزانی من کاتێک لێرەدا ون دەبم، لە شوێنێکی تردا دەردەکەومەوە لەم گۆی زەوییەدا، هەموان چاوەڕوانی من دەکەن بۆئەوەی بەهۆی تیشکەکانی منەوە هەستن لە خەو، ئەم شتەش کاریگەری هەیە لەسەر سووربوونم.بەم وەڵامە پاندایەکە قەناعەتی هات و بەخۆشی گەڕایەوە بۆماڵەوە.

## ٦٠- کوێژیلەکەو حەوزی ئاوەکە( العضورة والمطرة)

کوێژیلەک هەبوو بەناوی (کوکو) خەریک بوو بمرێت لە تینوویێتی، چاڵێکی ئاوی دیتەوە( فوجدت مطرة ماء)، دەنوکەکەی خستە ناوی هەندێک ئاوی دۆزییەوە تێدا لە ناوەوەی چاڵەکەدا، هەرچەند هەوڵی دا بەڵام دەنوکەکەی نەگەیشتە ناوی. بۆیە فکرەیەکی بۆهات، بەردێکی هاویشتە ناو چاڵەکە، دواتر بەردی سێیەم و چوارەمی هاویشتە ناوی تا ئاوەکە بەرزبۆوە، دواتر توانی ئاوەکە بخواتەوەو ژیانی خۆی ڕگاز کرد.

## ٦١- ئەسپ و ڕێوی (الحصان والثعلب)

ئەسپەکە دوورخرایەوە لە کێڵگەکە بەهۆی چوونە ناو تەمەنی(تقدمە في السن). بۆیە ڕێوێیە هاوڕێیەکەی بڕیاری دا یارمەتی بدات و پێی وت: (( دەی پیشانی جوتیارەکەی بدە هێشتا زیندوویی و هێزت تێداماوە، ئێستا پاڵبدەوە لەسەر زەوی)). دواتر ڕێوییەکە بەخێرایی بەرەو شێرەکە ڕۆیشت و پێی وت: ئەسپێکی مردوو هەیە بۆ خواردن، من یارمەتیت دەدەم بۆئەوەی بیگوازمەوە بۆ کولانەکەت(عرینک)، شێرەکە قبوڵی کرد. دواتر ڕێوییەکە کلکی ئەسپەکەی گرت و بەستییەوە بە لاقەکانی شێرەکە، هاواری کرد: ((ئەی ئەسپ ڕاکە،ڕاکە!)). دواتر ئەسپەکە هەستاو شێرەکەی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشا بەرەو کێڵگەکە. کاتێک جوتیارەکە ئەوی هێزی ئەسپەکەی بینی، فکرەی دوورخستنەوەی ئەسپەکەی گۆڕی(عدل)، هێشتیەوە بۆماوەیەکی درێژ.

## ٦٢- مشک و بۆق(الفأر والضفدع)

ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆقێک مشکێکی بینی و پرسیاری لێکرد: (( ڕەئیت چۆنە ئەگەر پێکەوە بچین بەدوای خۆراکدا بگەڕێین بەیەکسانی- ما رأيک لو ذهبنا نبحث عن طعام سوية)). مشکەکە ئەم پێشنیازەی قبوڵکرد، دواتر خۆیان بەستەوە پەتێکەوە، بۆئەوەی هەریەکێکان ئەوەی تر لەدەست نەدات و لە یەکتر دانەبڕێن، ڕۆیشتن و دەستیان کرد بە گەڕان. گەڕانەکە زۆر بەرهەمداربوو. لە کۆتاییدا هەردووکیان گەڕانەوە بۆماڵەوە بەڵام هێشتا پێکەوە بەسترابوونەوە. لەکاتی گەیشتنیان بۆ زەلکاوەکە، بۆقەکە خۆی نقومکرد بۆناو ئاوەکەو لەگەڵ خۆیدا مشکەکەشی بردە ناو ئاوەکە لەکاتێکدا مشکەکە مەلەی نەدەزانی، خەریک بوو مشکەکە بخنکێت. دواتر بۆقەکە مشکەکەی گەڕاندەوە بۆسەر کەنارەکە، ئێستا کاتی جیابوونەوەیە. ئەگەر بڕ بڕیارت دا خۆت پەیوەست بکەیت بە کەسێکی ترەوە پێویستە لەسەرت هەست بکەیت تۆ پێویستت بەو ئەو هەیە بۆ پشت بەستن. ئەم کارەش بۆ خۆشەویستی و هاوڕێیەتی دەشێت.

# کەواتا ئەگەر دوو کەس بڕیاریان دا خۆیان ببەستنەوە بە یەکتر،بڕیاریان دا بە یەکترەوە پەیوست بن دەبێت لەهەموو کاتێکدا بە یەکترەوە پەیوەست بن، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان بڕیاری دا بچێتە ناو مەترسییەکەوە دەبێت ئەوەی تریش لەگەڵیدا بڕوات تازە پەشیمانبوونەوە نیە چونکە هەردووکتان تازە  بە یەکترەوە بەستراون.

هاوسەرگیری، هاوڕێیەتی دەبێت بەم شێوەیە بێت، ئەگەر تۆ بتەوێت ئەم  پەیوەستییە نەمێنێت، دەبێت هەردووکتان بڕیار بدەن ئەم پەتە ببڕنەوە، یەکێکتان بە تەنیا ناتوانن پەتەکە بە تاک لایەنە ببڕێتەوە.

## ٦٣- شێر دەچێتە ناو جەنگەوە (الأسد يذهب الى الحرب)

شێرە بڕیاری دا بچێتە ناو جەنگەوە، مەرسومی دەرکرد بۆ هەموو شوێنکەوتوانی بۆئەوەی ئامادەبن. ئەرکەکانی دابەشکرد: فیل دەبێتە سەرکردەی هێڵی بەرگری، ڕێوی دەبێتە ڕاوێژکاری ستراتیژی. لەکاتی ئامادەبوونی کەرەکان و کەروێشکەکان ڕاوێژکاری شێرەکە وتی: (( کەرەکان گێلن، کەروێشکەکانیش شێن- الحمير أغبياء والأرانب جبناء)). بەڵام شێرەکە وتی: (( کەرەکان دەتوانن بە دەنگە بەهێزەکەیان بانگی سەربازەکان بکەن ب کۆبوونەوە، هەروەها کەروێشکیش خێرایە دەتوانێت نامەکانمان بە خێرایی بگوازێتەوە)).

شێرەکە ئەوە فێربوو هەریەکێکیان سوودی خۆی هەیە، ئەگەربێت و هەریەکەیان لە شوێنی شیاوبێت.

#کەواتا دەکرێت هەندێ جار ڕاوێژکارەکان زانیاری هەڵە بە سەرکرە بدەن، بۆیە دەبێت سەرکردەکان زۆر ئاگاداربن کێ دەکەنە ڕاوێژکار، هەروەها سەرکردەج دەبێت بزانێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێت، ئەگەر سەرکرە هەموو کەسە نزیکەکانی خۆی لە پۆستەکاندا دابنێت کەواتا نادادپەروەری کردووەو کەسی شیاوی لە شوێنی شیاو دانەناوە، ئەم وڵاتە ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات.

## ٦٤-تشارلی- باخچەی گوڵەکان (الحديقة المزهرة)

کاتێک سەگە بچوکەکە (تشارلی) یاری دەکرد لە باخچەکەدا، سواری سەیارەکە بوو و دواتر گوڵەکانی پان کردەوە(داست على الأزهار)، هەروەها دارێکی زۆری هەڵکەند(اقتلع) و پەپولەکانی دوورخستەوە. تشارلی ڕۆیشت و تەماشای ڕاست و چەپی خی دەرکرد. ئای لەم کارەساتە. بە یارمەتی (تالا) پشیلەکەو کوێژیلەکان، تشارلی بڕیاری دا ئەم وێرانەیە چاککباتەوە. دەستی کرد بە چاندنی گوڵوکان وبڵاوکردنەوەی گیایەکان. بەم شیوەیە هەمووان گەڕانەوە بۆ یاری کردن بە یەکەسانی.